# هۆکارەکانی دڵ ڕەقی چارەسەریان

[ كردي – کوردی – kurdish ]


## سەرباز حەمید کەرکوکی

**پێداچونەوەی:** **پشتیوان سابیر عەزیز**



2013 - 1434

IslamHouse.com

# قسوة القلوب أسبابها وعلاجها

« باللغة الكردية »


سرباز حميد

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2013 - 1434

IslamHouse.com

# ەۆکارەکانی دڵ ڕەقی چارەسەریان

**برا وخوشکی موسڵمانم...**

السلام عليكم ورحمه الله وبركاته

یەکێك لەو بەڵا گەورانەی کەوا ئوممەتی ئیسلامی توشی بووە، بریتیە لە بەڵای دڵ ڕەق بوون.

بۆیە خۆشحاڵین کەوا لەم بابەتە باسی هۆکاری دڵ ڕەق بوون بکەیەن پاشان بزانین چارەسەری ئەم نەخۆشیە چیە.

پێغەمبەر صل ی الله عل ەی وسلم لە فەرموودە ەیەکی دا ئەفەرمێت: « ألا وإن في الجسد مضغ ة، إذا صلحت صلح سائر الجسد، وإذا فسدت فسد سائر الجسد. ألا وهي القلب».

واتە:(لە لاشە ی مرۆف دا پارچە ەیەك هە یە ئەگەر باش بوو ئەوا هەموو لاشە باش ئەبێت وە ئەگەرئەو پارچە گۆشتە خراپ بوو ئەوا هەموو لاشە خراپ ئەبێت . مەگەر ئەو پارچە د ڵ نی ەی

بۆیە تالئی موسڵمان ئەبێت ئاگای لە دڵی بێت ڕەق نەبێت و هۆکارەکانی نەخۆش کەوتنی بزانێت و چارە سەری بکات نەبێتە لانەی شەیتان.

## هۆکارەکان:

ئەم هۆکارانەی خوارەوە هۆکار گەلێکن بۆ ڕەق بوونی دڵ، پێویستە لەسەرمان حاکمی لاشەی مرۆف کە دڵە نەهێڵین خراپ بێت، چونکە لە ڕۆژی قیامەت سوتەمەنی دۆزەخ بەردو لاشەی مرۆڤە، خوای گەورە پەنامان بدات.

1-خۆشەویستی دنیا بەجۆرێك باوەش بکەیت بەدنیا بەتەمایی مردن نەبیت.

2-زۆری هیواو ئاوات و لە بیر چوونی مردن.

3-هۆگر بوون بە غەیری خوای گەورە.

4-خەیاڵ پلاَوی و شوێن کەوتنی ئارەزووە بەتاڵەکان.

5- خەوتنی زۆر.

6-زۆر خواردن وخواردنەوە.

7-تەمەڵی لە پەرستشەکان.

8- خواردنی حەرام (خواردن بێت یان خواردنەوە بێت) یاخود هەرشتێکی تر کە حەرام بێت.

9- لەبیرکردنی تاوانی ڕابردوو زۆر کردنی تاوان و کەڵەکە کردنی.

10-پێکەنینی زۆر و یاری و سوعبەت و گاڵتەجاڕی.

11-خۆبەگەورە زانین و لوت بەرزی و بەخۆنازین.

12-ڕق لێبوونەوە و بەخیلی و بوغزاندنی خەڵکی و ڕاکردن بەرەو دەسکەوتنی دنیا.

13- ڕق لێبوونەوە لە خەڵکی و گومانی خراپ بردن بەخەڵکی

14- ڕژدوو چروکی و دەست نوقاندن لە ئاستی کاری خێرو چاکەدا.

15-بێ ئاگا بوون لە یادوو زیکری خوای گەورەو دوور کەوتنەوە لەسوپاس گوزاری خوای گەورە لەسەر نیعمەتەکانی.

١٦-بێ ئاگابوون لە نوێژو بەهەدەر دانی کاتەکانی نوێژ.

17- وازهێنان لە ئامادەبوونی نوێژەکان بەجەماعەت بەبێ هۆکار.

18-نەمانی خشوع وبێ ئاگابوون لە نوێژ.

19- گوێ نەدان بە شوبوهات.

20-زۆر تێکەڵ بوون لەگەڵ دەوڵەمەندو ئەوانەی ئەهلی دنیان.

21-تێکەڵ بوون لەگە ڵ ئەوانە ی بیدعەکارو ئەهل ی هەواو نەفسن.

22- گوێگرتن لە گۆرانی و مۆسیقا.

23-بەهەدەر دان ی کاتێکی ز ۆر لە سە یرکردنی کەنا ڵە بێ سوودەکان.

24-نەمانی خ ۆشەویستی و رق ل ێبوونەوە لەبەر خوا(الو لاء والبراء).

25- وازە ێنان لە سونتەکانی پێغەمبەری خوا صلی اللە علیە وسلم.

26-بێ پەیمانی و خیانەت کردن لە پەیمان.

27- زۆر قسە کردن بەبێ ئەوەی یادی خوای گەورە بکەیت.

28-گوێڕایەڵی شەیتان و شوێن کەوتنی.

٢٩-شوێن کەوتنی هەواو نەفس ی بەد خو نەفس ێك کە حەز بەتاوان ئەکات.

30-خۆشوبهاندن بە بێ باوەڕان (زۆر کەس خ ۆی ئەشوبەێنێت بەگۆرانی بێژێك یاخود یاریزانێك کە ئەصلەن باوەڕێ بە خوا نی یە ).

31- خ ۆشوبەاندنی ئافرەت بە پیاو یاخود پیاو بە ئافرەت لە جل و بەرگ و قژ و هەڵسوکەوت دا .

32-زۆرداری و ز یادڕەوی کردنە سەر خە ڵکی بە نا ڕەواو سەرکەش بوون و یاخ ی بوون.

33- نەفامی بەرامبەر بەدین و ژین.

34- غەش و فرت و فێڵ و نانەوەی ئاژاوە لە نێوان موسڵمانان.

35- ز ۆر خو یندنەوەی کتێب و ش یعرو ئەوانە ی بانگەشە ب ۆ کوفرو بێ باوە ڕی ئەکەن یاخود زیادە ڕەوی کردن لە ئارەزو بازی و سەرجێ ی کردن.

36- دووری لە قورئان خو یندن وتەدەبوور نەکردن لەخو یندنی داو قورئان و لەبەرنە کردن.

37- دوور کەوتنەوە لە یادی مردن و نەچوون بۆ گۆڕستان تا بیری مردن بکەویتەوە یاخوود لە بیرکردن ی بەرزەخ و حەشرو ڕۆژی قیامەت.

38- سەرپێچی کردنی دایك و باوك و پچڕانی سۆزی خزمایەتی هاتوو چۆنەکردنی خزمان و ناڕەحەت کردنی دەرو دراوسێ.

٣٩- ڕق لێبونەوە لە یاوەڕان و هاوەلانی پێغەمبەری خوا صلی اللە علیە وسلم.

40-واز ە ێنان لە فەرمان بە چاکەو ڕێگرتن لە خراپەو واز ە ێنان لە ئامۆژگاری کردنی خەڵکی.

41-واز ە ێنان لە سونەت و تەمەڵی کردن لە جێبەجێکردنیدا.

42- هاوڕێ یەتی کردن و تێکەڵ بوون لەگەڵ خەڵکی خوانەناس و بێ باوەڕدا.

43- دەو ڵەندی یەك کە توش ی و لە خ ۆبایی نت بکات و سەرکەش و یاخی ببیت پێ.

٤٤- تەمە ڵی (مەبەست لە تەمە ڵی کاتێك توش ی تاوان یێك ئەبیت تەمە ڵی ئەکە یت لە تەوبە کردن یاخود ئەتەوێت کارێکی خێر بکەیت بە سستی ئەچیت بەدەمی یەوە).

45-پەلە کردن و گوێ نەدان بە کارو باری خۆت و خەڵکی تر.

46- ە ێندە چاو قا ێم ب ێت لەسەر گوناە و تاوان گو ێ بەسنورەکانی خوا ی گەورە نەدە ێت هەر کات تاوانت ێکت کرد بەوە خۆت هەڵبخەڵە تێنی کە خوا ی گەورە خاوەن لێبوردن و مێهرەبانەوە

٤٧-دوور کەوتنەوە لەو کەسانەی کەپارێز کارو بە تە قوان

48-تەعامول کردن لە گەڵ خەڵکی دا بەڕەقی

٤٨- بە چاو ی کەم سە ێری گوناهە بچوکە کان بکە ێت (واتاگوناهە بچوکەکانت لا کەم بێت هەروەکو ئەو قسە باوە ی لای خ ۆمان ئەلێت ئەم گوناهە بچوکە بە ئاو ی دەستنو ێژەوە ئەڕوات)

50- خوو گرتن بە درۆو بوهتان

51- زەم کردن ی خە ڵکی و قسە ە ێنان و بردن جو ێندان و دەرخستن و باس کردن ی عە یب و عار ی خە ڵکی بە ش ێوەی گاڵتەجاڕی و باسکردنی لە ناو خەڵکی دا

**چارەسەرەکان:**

١- فێربوونی زانستی شەرعی لە قورئان وسونەتەوە.

٢-بەردەوام بوون لەسەر خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز.

٣-خوێندنەوەی ژیانی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم.

٤-بەخشین( گرنگی دان بە بەخشینی نهێنی).

٥-بەزەیی بەرامبەر هەژار وپەکەوتوان ودەستهێنان بەسەر سەری هەتیواندا.

٦-فەرمان بەچاکە ونەهی کردن لە خراپە.

٧-چاکە کردن لەگەڵ دایك باوکدا.

٨-بەسەر کردنەوەی خزم وکەس وکار.

٩-سەردانی نەخۆش.

١٠-سەردانی ئەو شوێنەی مردووانی تێدا دەشۆنەوە.

١١-سەردانی قەبەرسان ( تەنها بۆ پیاوان ).

١٢- کردنی زیکری خوای گەورە بە زۆری.

١٣-ئەنجامدانی شەو نوێژ.

١٤- تەوازع ڕەوشت جوانی.

١٥-زوو ڕۆشتن بۆ نوێژ لە مزگەوت.

١٦- سەلام کردن لەوەی  دیناسیت وئەوەی  نایناسیت.

١٧-موحاسەبە کردنی نەفس.

١٨-ئەنجامدانی نوێژە سوننەتەکان.

١٩-هەڵسوکەوت لەگەڵ پیاوچاکان.

٢٠-ئەنجامدانی کاری چاکە.

٢١-دونیا نەویستی.

٢٢-بیر کردنەوە لە ڕۆژی قیامەت.

٢٣-تۆڵە نەسەندنەوە لە بەر خاتری نەفس ولێخۆشبوون لەو کەسەی ستەمی لێکردویی.

٢٤-بانگەوازکردنی ئەو کەسانەی بێباوەڕن بۆ ئاینی پیرۆزی ئیسلام.

٢٥-خۆ پاراستن لە تاوان وگوناە.

٢٦-بەشداری کردن لە دروست کردنی مزگەوت.

٢٧-رۆژوو گرتن.

٢٨-چاکسازی لە نێوان خەڵکیدا.

٢٩-بیرکردنەوە لە بەهشت و خۆشیەکانی.

٣٠-بیرکردنەوە لە دۆزەخ وناخۆشیەکانی.

٣١-باس کردنی نیعمەتەکانی خوا.

٣٢-بیرکردنەوە لە مردن وناڕەحەتیەکانی.

٣٣-پاڕانەوەی زۆر.

**بزانە برای موسڵمانم...خوشکی موسڵمانم...**

بەردەوام بوون لەسەر تاوان وگوناە هۆکارێکی سەرەکیە بۆ دڵ ڕەق بوون، وە ئەگەری ئەوەی هەیە کەوا بەندە موفەق نەبێت بە دەرئەنجامێکی چاك، وە تەمەن بریتیە لە هەلێك وە دووبارە نابێتەوە، بۆیە سوود وەرگرە لە بوونی خۆت لەم ژیانە ئەویش بە ئەنجامدانی کردەوەی چاك ودوور کەوتنەوە لە تاوان و گوناە، وە با ئومێد وهیوات درێژ نەبێت لەبەر ئەوەی مردن لە ناکاوە دێت، بۆیە پێویستە تەوبە بکەین و بگەڕێینەوە بۆ لای خوای گەورە، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَلَيْسَتِ التَّوْبَةُ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ السَّيِّئَاتِ حَتَّى إِذَا حَضَرَ أَحَدَهُمُ الْمَوْتُ قَالَ إِنِّي تُبْتُ الآنَ ﴾ [النساء: 18].

واتە: پەشیمانی(وەرگرتن) نی یە بۆ ئەوانەی تاوانی زۆر دەکەن هەتا کاتی سەرە مەرگی یەکێکیان دێ دەڵێت: بەڕاستی من ئێستا تەوبەم کرد وە بۆ ئەوانەش نی یە کە دەمرن بە بێ بڕوایی ئەوانەی(باسکران) ئامادەمان کردووە بۆیان سزایەکی ئازار دەر.

وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرمویێت: « (لَلَّهُ أَشَدُّ فَرَحًا بِتَوْبَةِ عَبْدِهِ الْمُؤْمِنِ مِنْ رَجُلٍ فِي أَرْضٍ دَوِّيَّةٍ مَهْلِكَةٍ، مَعَهُ رَاحِلَتُهُ عَلَيْهَا طَعَامُهُ وَشَرَابُهُ، فَنَامَ، فَاسْتَيْقَظَ وَقَدْ ذَهَبَتْ، فَطَلَبَهَا حَتَّى أَدْرَكَهُ الْعَطَشُ، ثُمَّ قَالَ: أَرْجِعُ إِلَى مَكَانِيَ الَّذِي كُنْتُ فِيهِ فَأَنَامُ حَتَّى أَمُوتَ، فَوَضَعَ رَأْسَهُ عَلَى سَاعِدِهِ لِيَمُوتَ، فَاسْتَيْقَظَ وَعِنْدَهُ رَاحِلَتُهُ وَعَلَيْهَا زَادُهُ وَطَعَامُهُ وَشَرَابُهُ، فَاللَّهُ أَشَدُّ فَرَحًا بِتَوْبَةِ الْعَبْدِ الْمُؤْمِنِ مِنْ هَذَا بِرَاحِلَتِهِ وَزَادِهِ). » [رواه مسلم].

واتە: (بەڕاستی خوا زۆر دڵخۆشترە لە تەوبەی بەندەیەکی باوەڕداری خۆی لەپیاوێك لەبیابانێکی چۆڵی فەوتێنەردا کە وڵاخی سواریەکەی خۆیی پێ بێت، خۆراك و خواردنەوەکەیی لەسەر بێت، خەوی پیابکەوێت، کاتێ خەبەری دەبێتەوە سەیر بکات وڵاخەکەی ڕۆیشتووە، ئەویش بە شوێنیدا بگەڕێت تا تینوێتی زۆری بۆ دێنێت، پاشان لەبەرخۆیەوە بڵێت:
ئەگەڕێمەوە بۆ ئەو شوێنەی کە تیا بووم ئەخەومەوە تا دەمرم.
سەربنێتەوە سەر باڵی تا بمرێت، بەڵام کاتێ خەبەری دەبێتەوە سەیر بکات وا وڵاخەکەی بەخواردن و

خواردنەوەکەیەوە بەلایەوە وەستاوە، دەی خوا زۆر خۆشحاڵترە بەتەوبەی بەندەی باوەڕدار لەو پیاوە بە وڵاخ و توێشووەکەی).

خوای گەورە دەفەرموێت :﴿قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعاً إِنَّهُ هُوالْغَفُورُ الرَّحِيمُ ﴾ [الزمر:53].

واتە: ئەی موحەممەد (صلى الله عليه وسلم) بڵێ: ئەی بەندەکانم ئەی ئەوانەی کە خۆتان زۆر گوناهبار کردووە نائومێد مەبن لە میهرەبانی و بەزەیی خوا چونکە بێگومان خوا لە هەموو گوناهەکانتان خۆش دەبێت بەڕاستی هەر ئەوە لێبوردەی بە بەزەیی یە.

لە کۆتاییدا داواکارم لە خوای گەورە دڵەکانمان نەرم بکات و باوەڕمان بە هێز بکات وجێگرمان بکات لە سەر ئاینە پیرۆزەکەی.

وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

سەرچاوە: نامیلکەی( قسوة القلوب أسبابها وعلاجها ) لە سایتی ( الكلمات )

وەرگێراوە ـ بە دەستکاریەوە.